# قەیرانی سیاسی لە عێراق و شرۆڤەی هەندێ پرس؟!

**نوسینی : تەها سلێمان**
Tahasleman17@yahoo.com



تابلۆی سیاسی عێراق ئێجگار ئاڵۆزو شێواوو قەیرانگیرە، ئەم ئاڵۆزی و شێواویی و قەیرانگیرییەیی واقیعی سیاسی عێراق بۆ خۆی فرە ئاراستە و فرە هۆکارەو باگراوەندێکی پڕلە پرسیاری هەیە و هەریەك لەو پرسیارانەش پەیوەندییان بە پێکهاتەی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی خودی عێراق خۆیەوە هەیە و بەچەندین شێوازی جۆراو جۆر ئەو پێکهاتەیە کارلێکی خۆی هەیە و جوڵە بە ئاراستە یاریکەرو کاریگەرەکانی تابلۆکە دەکا. یانی لە ڕاستیدا مومکین نییە و ناتوانرێ بوترێ کار بۆ دروستکردنەوەی عێراقێك دەکەین لە کاتێکا واقیعی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی عێراق خۆی لە بەر چاو نەگیرێ، هەمان ئەو پێکهاتە فرە چەشن و فرە ڕەنگ و دەنگەیە لە لە پێشتا قیت دەبێتەوەو ئیستێکی بابەتیانەت پێدەکا و پێت دەڵێ بگەڕێوە بۆ کاریگەری و نای توندی ئەو لایەنانەی ئەم پێکهاتەیە پێك دێنن. ڕژێمی لە گۆڕنراوی بەعس وەك ڕژێمێکی تووتالیتاری و شۆڤێنی ، لەڕێگای جەبری دەسلاڵتەوە ئەم پێکهاتەیەیی پێکەوە گرێدابوو نەك دامەزراندنی پێکهاتەیەیەکی ئارەزوو مەندانە و پرۆسیسی بە سیاسی کردنی کۆمەڵگا کە لە سەر چەمکی یەکتر قبوڵکردنی ئاراستەکانی ناو چوار چێوەی پێکهاتەکە، هەربۆیەش کە ڕژێمەکەی ڕووخێنرا و هەڵوەشێنرایەوە ئیتر عێراق دەگەڕێتەوە یان ڕوونتر گەڕایەوە بۆ چەندین دەیەیی پێش ئێستا و پرسە بە زۆر پێکەوە گرێدراوەکان هەڵدەوەشێنەوەو دەبنە کەرەستەی ململانێ و ئاراستە دژ بە یەکەکان.ئەو ئاراستانەی تەواوی سرووشتی قەیرانی سیاسی لە عێراق و کاریگەرییەکانی لەسەر حکومەت وئەجێندای کاری داهاتووی درووست دەکەن، بەواتایەکی تر کلتووری بەعس وەك تێزێکی زیندوو نەك تەنها لەناو بەعسییەکاندا بەڵکو لەدەرەوەی بەعس و پێکهاتە فیکری و سیاسی و ڕێکخراوەییەکەیدا و لەناو بەشێکی زۆر لە هێزو لایەنە سیاسییەکانی عێراق و هەڵس و کەوتی تاکی عێراقیدا شوێنی تایبەتی خۆی گرتووە کاریگەری خۆی هەیە، واتا زۆربەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی دەرەوەی ڕژێمی لە گۆڕنراوی بەعس بەشێکی کەمیان نەبێ نەیانتوانیوە لەدەرەوەی کلتوری بەعس خاوەنی کلتوری خۆیان بن و کار بۆ دانەدواوەی کلتووری بەعس بکەن. بەهەموو مانا و ورد بوونەوەو لێکدانەوەیەك ئەوەی ئەمڕۆ دەسلاڵت و حزبە دەسلاڵت دارەکانی عێراق ئە نجامی دەدەن تەواو کردنی ئەو بۆشایی و کەلێن و ناتەواوییانەیە کە بەعس لەماوەی دەسلاڵتی دکتاتۆری و شۆڤێنی خۆیدا نەیتوانی تەواوی بکا .بەعسیش لە ماوەی گرتنە دەستی دەسلاڵت و سەرەتای بە هێزکردنی پایەکانی دەسلاڵتیدا دەتوانین بڵێین هەمان گووتارو کرداری ئێستای بەشێك لە هێزە سیاسییەکانی عێراقی هەبوو یان زۆر بانگەشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و لێك تێگەشتن و هتد دەکرد و سەرە نجامیش ئەو دیوەزمەی لێدەر چوو کە بینیمان و عێراقی گەیاندە ئەو واقیعەی ئێستا ، بۆ دڵنیایی من نامەوێ بڵێم هێزە سیاسییەکانی ئێستای پاش ڕووخانی بەعس بەعسین بەڵکو دەمەوێ بلێم بەتەواوی هەڵگری گووترو تێزو کلتورێکن بەعسیش هەڵگری بوو کاری لەسەردەکرد و لەماوەی دەسلاڵتی تووتالیتاری و شۆڤێنی خۆیدا هەنگاوی لە تەوزیفکردنی چوە پێشەوە .

ئەگەر نموونەی دوای ڕووخان یان لە ناوچوونی ڕژیمی بەعس وەرگرین و قسەی لەسەر بکەین ،وەك( قەیرانی سیاسی ، کاریگەری ئەو قەیرانە لەسەر حکومەت و پێکهاتەکانی ، شەڕی سوونە و شیعە، ململانێی سوونە و کوورد لەلایەك و کورد و شیعە لەلایەکی تر، تیرۆرو ڕەشە کوژی سوونە و شیعە لە نێوان یەکتردا، تیرۆرو ڕەشە کوژی سوونە لە ناوخودی خۆیدا و بە پێچەوانەشەوە هی شیعە لە ناو خودی خۆیدا، کاریگەری وەلاتە هەرێمایەتییەکان لە قوڵکردنەوەی ئەو قەیرانە، سیاسەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و دنەدانی ئەو قەیرانەو فراوانتر کردنەوەی پانتاییە جوگرافی و سیاسی و ئاینی و مەزهەبییەکەی ) و زۆری دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ بینینی بابەتیانە و دوور کەوتنەوە لە هەڵچوون و دەربڕینی ناواقیعیانە.

بە دیوەکەی تریشدا هێزگەلێکی سیاسی جۆراو جۆر لە پانتایی سیاسی عێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقەوە هاتوونەتە مەیدانی جوڵە و کارکردن، ئەو هێزگەلانە بەشێکی بەرچاویان لە دەیەکانی پێش ڕووخانی ڕژێمەوە بوونیان هەبووە کاراکتەرێکی کارا بوون لە ڕوو بە

ڕووبوونەوەی ڕژێمی بەعس دا و بەشێکی تریشیان لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس وە درووست بوون و هاتوونەتە مەیدان و لە پاڵ ئەمەشدا بە پاڵپشتی ڕاستە و خۆ یان ناڕاستە و خۆی ئەمریکا و سیاسەتەکانی لە ناوچەکە ئەکتیڤکردنی هێزی خێڵ گەرایی لە هەڵکشاندایە و هەندێ جاریش هەڕەشەی لێسەندنەوەی متمانە لە هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانەکە دەکات و پێشی وایە ( ئەو ) ئەلتەرناتیڤی ئەو واقیعە سیاسییە قەیراناوییەیی عێراق و دەرچواندنییەتی بەرەو ئایندەیەکی باشتر. لەناو ئەم پێکهاتە سیاسییەدا هەموو بەلام بە دەربڕین و شێوازی لەیەکتر جیاواز، دان بە بوونی قەیرانێکی قووڵ لە عێراقدا دەنرێ و هەریەکەش دنیابینی خۆی بۆ قووتار بوون لێی دەخاتە ڕوو، ئەم دەربڕینانە ڕێگاچارەی ئاینی و مەزهەبی و دیموکراسی و علمانی و تەنانەت توندڕەوانەش لە خۆدەگرێ . بەلام هیچ کام لەو ڕێگاچارانە کەوەك وتمان بە دەربڕینی لەیەکتر جیاواز دەخرێنە ڕوو، نەیانتوانیوە ببنە دیدێکی ئەکتیڤ و خۆ بسلمێنن لە ناواقیعەکەدا، یان ڕوونتر ببنە ڕێگاچارە و لەمپەرەکانی بەردەم دەست بردن بۆ تێکشکاندنی قەیرانە بەلاوەنەن. بۆیە لەوە گرنگتر نییە ئێستا قەسە لەسەر ئەو لەمپەرانە بکەین و بەوردی پەنجەیان بخەینە سەر، بەبێ ورد بوونەوەو پەنجە خستنە سەر ناوەڕۆکی ڕاستەقینەیان ناتوانین وێنەیەکی ڕاستەقینە بخەینە بەردەست کە گوزارشتی واقیعیانە بێت لەو قەیرانەی کە لێی دواین.

ئێستا لە هەموو کاتێ زیاتر قەیرانی سیاسی و ئیداری عێراق هەڕەشەیەکی ترسناك و جیدییە لەسەر ئایندە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پاشخانی فیکری و سیاسی ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی کە حکومەتیان پێکهێناوە هیچ نابینی جگە لە مووجامەلەیەکی یەکتر بڕو یەکتر کوژ و ڕێکەوتنێکی ئاسۆیی پڕ لە بێمتمانەیی هیچی تر نییە، ئەم ڕێکەوتنە لە پێکهێنانی حکومەت و دابەشکردنی دەسلاتەکاندا، بەرهەمی هەمان ڕێکەوتنی حزب و ڕێکخراوو گرووپەکانی ناو لیستەکانی پێش هەڵبژاردنە کەلەسەری ڕێکەوتوون. بۆنموونە تەماشای لیستی ئیئتلافی شیعەکان بکە کە چەن ناکۆك و ناتەبان لە لەناویەکتردا و ململانێکانیان گەشتوەتە چی ئاستێك لە نیوان سەدرییەکان و مجلس لەنێوان دەعوەو مجلس لەنێوان فەزیلە و ئەوانی تر، یان تەماشای لیسی عێراقییە بکە نەگوونجان و ناتەبایی گەشتوەتە چی ئاستێك و مامەڵە و سەودای بەشێکی زۆری لایەنەکانی ناو ئەم لیستە بۆ هەڵپەی گەشتنە دەسلات و ململانێ ناواقیعییەکانی ناو خودی لیستەکە گەشتوەتە کوێ و هتد یان تەماشای لیستی تەوافق بکە کە بەرەو چی ئاراستەیەکی ترسناك و یارییەکی سەلبی هەنگاو دەنێن و پڕۆژەکەیان لە پڕۆژەی دەسلاتداریێتی بەعس شۆڤێنی و تووتالیتاری ترە ئەمە جگە لە نەفی کردنەوەی یەکتر لە خودی لیستەکەدا و هاوکات بوونیان بە بەشێك کردەی تیرۆرو تۆقاندن و دەست تێکەلاو کردن لە گەڵ وەلاتانی هەرێمایەتی بە هە نجەتی مەزلومییەتی سوونە و هێرشی هێزە شیعە مەزهەبەکان لە ژێر پەردەی حکومەتدا بۆ سەریان، تەنها لیستیش کە تائێستا جۆرێك لە جێگیربوونی پێوە دیاربێ لە ئەجێندا و گووتاری ئاراستەکراویدا لیستی هاوپەیمانی کوردستانە بەلام هەموو نیشانەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە ئەم لیستەش جگە لەوەی لە سەنگەری داکۆکییەکی لاوازدان لە پرسی کوردستانی بوونی خۆیان نەیانتوانیوەو ناتوانن بۆ داهاتوو ئەو قورساییە درووست کەن کە ببنە هۆکاری فشارێکی جیدی لەم نێوانەدا. ڕوونتر ئەوەی کە تێبینی دەکرێ هەوڵەکان بۆ دەربازببون لەقەیرانی سیاسی ئێستای عێراق کەتەواوی پێکهاتەی کۆمەڵگای تووشی قەیران و ئاڵۆزی و شلەژان و شێواوی کردوە، تەنها ئەو هەولانەن کەناتوانن سنوری بیرکردنەوەی ئەو پێکهاتەیەیی سەرەوە بترازێنن و خاوەنی ئەجێندایەکی جیدی نین، ئەو دەنگانەش کە بە دەنگی جیدی و نیشتمانی بۆ قووتار بوون لەم قەیرانە دەژمێردرێن و هەن بەردەوام چەند بارە دەکرێنەوە و دەخرێنە پێش چاو، نەکۆدەنگی شەقامی عێراقی و نەهی هەرێمایەتی و نەهی نێو دەوڵەتی لەسەر نییە و تەنها لەفەلەکی ووتندا دەسوڕێنەوە .

کاتێ مرۆڤ واقیعی سیاسی عێراق و پێکهاتە ئیداری و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریی و خزمەتگوزارییەکانی دێنێتە پێشچاوی خۆی کە تەواوی ڕووخساری قەیران داپۆشیوەو تادێ ئەو قەیرانە قوڵتر دەبێتەوە و قوربانییە مرۆییەکانی ئاکامی ئەو قەیرانە ڕۆژانە ڕوو لە زیادبوونە و ڕیکەوت لەگەڵ ئەمەشدا لە تازەترین هەوڵەکان بۆ دەربازبوون ورد دەبێتەوە، هێندەی تر تووشی سەرڕوومان دەبێ و بێمتمانە دەبێ بەو هەولانە. لایەنی کوردی ( پارتی و یەکێتی ) و لاینی شیعە لەهەوڵی ئەوەدان درووستبوونی بەرەیەك بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئەو بارو دۆخەی عێراقی پیا تێپەڕ دەبێ و ئەو واقیعە تاڵەی تووشی حکومەت بوە ڕاگەیەنن و هاوکات لایەنی کوردی ( پارتی و یەکێتی ) تەقەلای ئەوەش دەکەن لایەنی کەم قەناعەت بە بەشێکی بەرچاوی لایەنی سوونە( تەوافق ) بکەن بۆ بەشداری کردن لە بەرەی ناوبراو، بەلام ئەم هەوڵەش هەر لەسەرتاوە ئاسۆی ئایندەیەکی باشی لێچاوەڕوان ناکرێ و لەبەردەم پرسیارگەلێکی بابەتی و لۆژیکی دایە کە هەرلە ئێستاوە لەتوانایدا نییە وەلامی پێویست و بابەتی بداتەوە، چونکە ناتوانێ بەم بیرۆکەیەیی ئێستاوە ببێتە پانتاییەکی ئەوتۆ کە متمانەیی شەقامی عێراقی لە چوار چێوەی خۆیدا کۆ بکاتەوەو ئەو چوار چێوەیە تێك بشکێنێ کە بەردەوام خزمەتی مەسەلەی توندڕەویی و تیرۆری دینی و

مەزهەبی و ململانێ کۆشندە و یەکتر بڕەکان دەکا و بۆخۆشی بە شێوەیەکی کرداری بوەتە بەشێك لە پێکهاتەی ئەو مل ملانێیە. یانی دەتوانین بڵێین مەسەلەی تیرۆرو تووند ڕەوی ئاینی و ململانێی مەزهەبی و تەشەنەکردنی دیاردەی تائفی و خێڵ گەرایەتی لە سەردەست یان لەسایەیی قەڵەم ڕەوی ئەم هێزانە بەتایبەت ( سوونە و شیعە ) و ستراتیژی ناتەندروستی ئەمریکادا بوەتە ئەمری واقیع، ئیتر بە چی مانا و لێکدانەوەیەك هەمان ئەو هێزانە دەتوانن ڕێگا چارەی پێویست و گوونجاو پێش کەش بکەن و کۆمەڵگا لەو قەیرانە گشتگیرە قووتار بکەن یان پرۆژەی قوتار کردنی کۆمەڵگا لە قەیرانی سیاسی و تێکڕای قەیرانەکانی تری پێش کەش بکەن و ڕای گشتیش متمانەی خۆی پێ ببەخشێ؟!

بە ڕوونی من وای دەبینم عێراق لەبەردەم چەندین پرسی گرنگ و چارەنوس سازدایە، و هێزو لایەنە سیاسییەکانیش تا ئەمڕۆ جگە لەلایەنە تیئۆری و شیکار کارییە سیاسیەکانی نەیانتوانیوە وەڵامی پێویستی و لایەنە هەنووکەییەکانی بە شێوەیەکی کرداری بدەنەوە. بەشێکی بەرچاوی ئەو هێزو لایەنە سیاسیانە بۆ خۆیان هۆکاری ئەو قەیرانەن و بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێ ئەو ڕاستییە بشاردرێتەوە. بۆیە باشترین ڕێگا چارە بە بڕوای من ئەوەیە هێزو لایەنە نیشتمانی و عیلمانی و چەپ و دیموکراسییەکان، پێشڕەوایەتی دەست پێشخەری و پرۆژەی جوڵەیەکی واقیعی ئێستای عیراق بکەن و بوێریش بن لە خستنە ڕووی ئەجێندای پرۆژەکەیان و لەقوربانیدانی حزبی و سیاسی و تەنانەت هێزی مرۆیی حزبیان نەترسن و سڵ نەکەنەوە، ئاخر ئەو قوربانیانەی ڕۆژانە کە لە چین و توێژە سڤیلەکانی دانشتوانی عیراق دەدرین لە ململانێی دینی و مەزهەبی و خێڵ گەرایەتی و هتد زۆر لەوە زیاترن پرۆژەیەکی ئاوها بیدا یان ئەگەری قوربانی دانی هەیە لە دەسپێك و بە ئاکام گەیاندنی پرۆژەیەکی وا پێشبینی دەکرێ.

لایەنی کوردیش ئەگەر ئەم واقیعە تاڵە قبوڵ نەکا و بڕوای پێی نەبێ پێویستە بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەکی سەخترو ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوتر خۆی ئامادەکا، کە ئەویش پەرت پەرت بوونی عێراقە و پرسی کورد بوون یان کوردستانی بوون لەم پەرت پەرت بوونەدا، قورسترین پرسەکانە و مەترسی ناخۆیی و هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتی و لە پاڵ ئەمانەشدا ئاینی و مەزهەبی جیدی لەسەرە.نارۆشنی گووتاری لایەنی کوردستانی و بەتەنها خۆ بەستنەوە بە شە پۆلی ڕووداوەکان و چاوەڕوانی کردن تا ئەو کاتەی چی دەگوزەرێ لەخۆی خرا پترو زیان هێنەر تر نییە.بەدیوەکەی تردا دەبێ ئەو ڕاستییە بدرکێنم کە ئەو پێکەوە گوونجانەی ئێستای لایەنی کوردستانی و لایەنە جۆراو جۆرەکانی تری عێراقی لەدەسلاَتدا، زۆر تر لە هەموو شتێ شێوازو سیمای تۆبزی پێوە دیارە نەك دیموکراسی و چوار چێوەیەکی بابەتی بۆ لێك تێگەیشتنی تەندرووست و گرتنە بەری شێوازی گوونجاو بۆ قووتار بوون لەو قەیرانەی کە ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕوو لە فراوانبوون و ئەگەری خرا پتربوونە. هەر ئەمەش وا لە لایەنی کوردستانی دەخوازێ وردترو چڕتر تابلۆی سیاسی عێڕاق و پێشهات و ڕووداوەکانی بخوێنێتەوەو ئە نجامگیرییان لێوەدەست بێنێ و ڕێ و شوێنی وەڵامدانەوەیان بۆ دەست نیشان بکا. لە پاڵ ئەمەشدا پێویستە لایەنی کوردی ئەو هێزە ڕاستەقینە و کارایانە بناسێ و زۆرتر لێیان نزیك بێتەوە کە بەرنامەی ستڕتیژییان لە پرسی کوردستان و ئایندەیدا هیە و پێچەوانەی ئەو هێز گەلانە بیر دەکەنەوە کە تەنها بە شێوەیەکی تاکتیك و لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتی و تەسکەکانی خۆیاندا لەگەڵ مەسەلەی کوردستانی ڕێدەکەن و بیر دەکەنەوە. ئەمە ئەگەر لە ئەجێندای بیرکردنەوەی لایەنی کوردستانیدا تووشی لەبیرکردن بێ و نەبێتە پرۆسەیەکی کرداری ، ئایندە بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێتەوە.

بەگشتی پێم وایە واقیعی عێراق و تێکڕای لایەنە جیاجیاکانی لە قەیرانێکی خنکێنەردان و بەشێك لە هۆکارەکانی ئەو قەیرانە خنکێنەرەمان لەسەرەوە باسکرد و بیرمان هێنایەوە، بەلاَم ئەوەی کە زۆر گرنگە و دەبێ بەردەوام لە ناو تابلۆکەدا بیبینین ئەوەیە کەبەم شێوازو گوتارەی ئێستای حزب و هێزە دەسلاَتدارەکانی عێراق ڕزگار نابین لێی بەڵکو پێچەوانەکەی دەبێ ئەو هێزانە دەسبەرداری ئەو بەرنامە و گووتارەی ئێستایان بن و بگەڕێنەوە بۆ ئەو پرۆژەیەیی کە واقیعی کۆمەڵگای عێراقی دەیخوازێ، من بە دووری نازانم هێماکانی دەسلاَتی دکتاتۆری و بە تۆبزی خۆ سە پاندن چی لەناو ئاراستەی شیعە مەزهەب یان سوونە مەزهەب یاخوود شۆڤێنیزمی عەرەبی یان دەسلاَتی خێڵ گەرایەتی هەژموونی خۆیان بسە پێنن و فاکتەری هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتیش بە پاساوی جۆراو جۆر بیانکاتە ئەمری واقیع و پشتگیری تەواویان بکات، ئەوکاتەش هێزی دیموکراسی خواز و چەپ و عیلمانی و مەدەنییەکان یان دەبێ ئەو واقیعە قبوڵ بکەن یاخوود دەبێ بێنە مەیدان و پرۆتیستۆی ئەو واقیعە داسە پاوە بکەن کەئەمەش بۆ ئەو کاتە بە بڕوای من تاڕادەیەکی بەرچاو زەحمەتییەکی زۆری تیا دەبێ و بەردەوامبوونی گریمانێکی لاوازە. بۆیە دەبێ لە ئێستاوە قسە لەسەر چاوەڕوانی ئەو واقیعە داسە پاوەی دادێ بکەن و ڕەهەندە فرە جۆرەکانی شی بکەنەوەو پلان بۆ نەبوونی بە ئەمری واقیع داڕێژن .